شیعر

# کەوتنە خوارەوە لە تۆ

سدیق عەلی

٢٠١٢





ناوی کتێب: کەوتنە خوارەوە لە تۆ

نوسەر: سدیق عەلی

بەرگ: ڕێکار صاڵح

ژمارەی سپاردن:

چاپخانە:

لەلایەن سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس چاپکراوە

ساڵ: ٢٠١٢

# ئاسن

٢٠٠٣-٢٠٠٤

خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی (پەڕەموچ)ی لە کەرکوك وەرگرتوە





لە پیاسەی شەوە بڕۆنزیەکانی ئاسن‌و هەڵکورمان لە ژێر کرێوەی دۆزەخێکی ئەبەدیدا، لە ژێر دیواری ماڵێکی پڕ ئاوی تاڵ‌و پڕ تر لە پەپولە مەستەکانی گوڵی خوێنەوە، زانیمان ئاسن لە هەردو لاوە پڕیەتی لە کوشتن، بمبورە ئەی دۆست لە دوا هەنسکی شیعرێکدا تێگەیشتم لە ئاسندا سەرباری ئەو هەمو باڵە وەرسانە، پارە هەیە بۆ پارەبونی دڵی کازیوەو کڕینی گۆرانیەکانی تۆو ئەوو پارە بۆ فرۆشتنی دەنوکی عاشقی بولبولێک، بمبورە لە دوای تەیکردنی ئاوایيەکانی بەرائەتەوە زانیم لەم وشکەڵوکی ئاوو سەرابی نەوتەدا، ئاسن تەژیە لە بەردی کەچەڵ، پڕیەتی لە (ئەلف‌و راو نون‌و زا)، پڕیەتی لە حاشایی کردنی زارا لە زریزەو بێ سەلیقە بونی منداڵێک لە دیار کارتۆنی (رجل الحدیدی) سزامدە ئەی دۆست، ئێستا ناچارم دان بەوە دابنێم ئاسن پڕیەتی لە هیچ، ئەو هیچەی لە کاتی هەڕاجکردنیدا بەسەر مندا بەجێما.

دەچمەوە سێبەری پشت ماڵ‌و
بەدیار هاتوچۆ نەکردنی تارمایی کاسە زەردەکانی چاخی عەشقەوە
پشت بە دیوارە برینداره‌کانەوە دەدەم
دەچمەوە زۆنگاوەکانی پشت ماڵ
بێزو بە نەشئەو
بێزو بە ترس‌و زللەو
راکردن بەسەر بەردە داخبوەکاندا دەکەم





دەچمەوە کوچەکانی هەنسک‌و
بەدیار نەکرانەوەی دەرگا زراویەکان‌و
هەڵنەهاتنی خۆرێکی تیشک فرۆشەوە
قاچەکانم دادەکەنم
بە دیار نەپشکوتنی نیگایەکی خوێن خۆرەوە
چاوەکانم بەجێ دێڵم
دواجار منیش تۆم کە دەڕۆی
منیش رەشەبایەکم کە زەوقی ئاوڕدانەوەی نەماوە
منیش بڵێسەیەکی دوکەڵ هەڵگرتوم
کە خۆڵەمێش بە دوای پێیەکانیەوە جێ دێڵێ
منیش ئێرەیی بە حەزی دەریایەک دەبەم
لە قرچەی داگیرسانی ئەستێرەو
کڵپەی گڕگرتنی مانگ‌و
ترپەی هەڵوەرینی چاوە بەڵەکەکانی سپیدار
منیش تۆم
منیش ئەو بایەقوشەم کە پێنج ساڵە دەفڕێ‌و
سەر لە حاشیەکانی نیشتنەوە دەرناکا
دەچمەوە سێبەری پشت ماڵ





پێم وایە ئێستا دێنەوە
ئەو رێبوارانەی تەرمی سێبەرو زۆنگاوو منیان
خستە تورێێنەو نەیانبردین
کەمێکی تر دەگەڕێنەوە
ئەو گالیسکانەی جەستەی سێبەرو زۆنگاو منیان
بەدوای خۆیاندا راکێشاو جێیان هێشتین
دەچمەوە دەواری هەنسکەکانی پشت ماڵ‌و
دەبینم ئاوایيەکانی ئاسنم جێ نەهێشتون
دڵم بەدڵم دەسوتێ
ئێستاش هەروا لە ناوەڕاستی
(ئا.. س.. ن) دام
وەرن لەم دەربەندە جەنجاڵەدا بمکوژن
داڵغەم بەو دەرگایەوە جێ بێڵن
کە بەڕوی پیریمدا کراوەتەوە
ئاسن هەمیشە پەنجەکانی سورن بەخوێنی ئاگر
ئا..
س..
ن..

بەنەغمەی پەمەیی پەپولەیەک دەست پێ دەکات‌و
بە هوتافی زەندەقی نێرگزێک کۆتایی دێت
ئیتر بەدیار
باخێکی دو دڵ لە سەفەرو سەما
باڵەکانم لێ زەوت مەکە ئەی دۆست
کە دەزانی بە بێ تۆ
هیچ گۆرانیەک ئێرە پڕناکا لە عەشق
هیچ شیبایەک ناتوانێ
پێڵوی پەمەیی کانیاوەکان هەڵبڕێ
ئاسن بەو هەمو نەرمیەوە
ژەمێک لەژێر ئەسرینی پێکێکی شیرین دا وچان نادات
لەناو (ئا.. س.. ن)دا تا ڕۆژ دەبێتەوە
من هەم‌و تۆ هەیت‌و ئەو هەیە
من بۆ داگیرسان‌و
تۆ بۆنسرمی‌و
ئەو بۆ چەمینەوە لە حزور باڵای گڕدا
ئاسن نامەیەکە دەزانم ناگات
نهێنیەکە دڵنیام





ئەو ئێوارەیە لە درزی پەنجەکانمەوە دەڕژێ
ئیدی سەرت لەم تەمە دەرکە
بزانە لەودیو کوچەکانی منداڵیتەوە
تاڤگەی تەمەنی کێ دەڕژێ
دەستت لەم کرێوەیە قوتارکە
بزانە لە بەردەم باڵەخانەی عازەبیتەوە
تەرمی کام تۆقەیە دەنێژرێ
تۆ ئەی نیگەرانترین سێبەر
ئەی سەرسەختترین گەڵا
ئەو ڕۆژەی بەفر باری لێرە نەبوی
ئەو دەمەی
دەستەکانت سپاردە ڕەشەبا لەوێ نەبوم
ئیدی بەسەر بازاڕی زەوقتدا
قەرسیل بەلێزمە بباریێ ئەی دۆست
کە هێندەی من دەزانی
لەو بازارە پڕ ئەشکەدا
من مەیزەدەی تۆزی شەققەی
پێکدادانی دو باڵی مەنزڵ دورم





داخ لە تۆ
کە هەردەم خەریکی ڕاکێشانی
قەڕاسە پچڕاوەکانی هەوری
کە بەفر (شێخە)ی تاهەتایە مەست کرد لەوێ نەبوم
ئاخر شێخە ئەو هەمو شەرابەی دونیا
هێندەی پێکە هەناسەیەکی بەفر مەستی نەکرد
ئیدی مەستم بە بەفر ئەی دۆست
تاوەک تۆ، قژە سپیەکانی
لە ژێر سمی بازرگانێکدا دەتوێنەوە
پەستم لە ژێر ئەم دیوارە ئەی بەفر
تۆ کەی ئەم حەیرانە تەواو دەکەی
وەڕسم لە بەر ئەم دەرگایە ئەی مەست
تۆ لە کێوە فێری چڕینی ئەم هۆریەی بوی
تورەین لە ژێر ئەم لوتکەیە ئەی بەرد
من لە خەندەو
تۆ هەنسک‌و من لە ماچی ئاو
تۆ لە گسکدانی هەور
ئای بە درۆ ئەو ڕێگەیەمان بڕی





بەدرۆ پێڵومان
لە ترسی شەڕی برژانگەکان لێکنا
ئەی ئاسنترین دۆست
ئەی وەرزی داگیرسان‌و مەوسمی ڕەق بونەوە
ئەی چەقۆی جەللادێک‌و قفڵی دەرگای زیندانێک‌و
کەلەبچەی مەچەکی عاشقێک
ئەها لە ئاسندا ئاسن هەیە
دە ئیتر بەس لەگەڵ
سێبەری ئەو دیوارەدا هەڕاجمکە
بەس لەگەڵ شەهوەتی کەڵەمتەرێکی گەرمەسێردا
بمگۆڕەوە
کە دەزانی من لێرەوە
گاڤی سەوداسەریم دەنێم
بەدیار شیعرێکی
بەگومان لە نێرگزو نەغمە
لەگەڵ مێرگەکاندا بەشەرم مەدە ئەی دۆست
کە دەزانی لەدوای هەڵفڕینی کڵوکەکانەوە
روحم بۆ ڤارتۆیەکی مەستتر هەڵخستوە

دەچمەوە کۆڵانە گوناهەکانی پشت ماڵ
دەبینم ئاسن بە تەنیا
ئەو کتێبە سوتاوەیە
رستەکانمان لە پەرەگرافێکی خۆڵەمێشیدا خڕ دەکاتەوە
دەچمەوە..
کۆڵانێک لە سەرو رەقبونەوە دەکەمەوە
پەنجەرەیەک لە دامێنی داگیرسان دادەخەم
پەنجەرەیەک کە هەمیشە باڵە ئاسنینەکانی
بە تاقی رەشەبادا هەڵواسیون
بایەک کە هەرگیز ئارەزوی پێچێک سەما
لەگەڵ گەڵا شێتەکانی ئێرەدا ناکات
لە ئاسندا جوتێک کۆتر هەیە
سەیر کە
لە هیلاکی هەورازی جێهێشتنی ئەوو
پشوی سێبەری گەیشتنی تۆدا
من خاسترین مەردمم بۆ مەرگ
لە قورسی هاوکێشەکانی نەهاتنی ئەو
بارانی ئەرخەوانی تۆدا





من شێتترین گەڵام بۆ وەرین
لە چەقۆکانی دەستی ئەوو
گوڵەکانی دەستی تۆدا
لە چاوە هەترەشیەکانی ئەوو
نەزمە مەستەکانی تۆدا
کێ دەمکاتەوە بەستەیەک
کە من شیعرێکی شەکەتی بەر دەرگە بم
لە گرمەگرمی ئۆغری ئەوو
چپە چپی قدومی تۆدا
کێ دەمکاتەوە روبارێک
کەمن کانیەکی تینوی سەر رێگە بم
ئاسن هەمو پیتەکانی لێ سەندم
هەمو چامەکانی کوژاندمەوە
دەچمەوە سێبەرە کزۆڵەکانی پشت ماڵ
بەوە لە خۆم جیا دەکرێمەوە
کە ئێرەیی بە زەوقی مێرولەیەک دەبەم
لە کاتی گوێ گرتنی
لە کۆرسی عەشق کۆکردنەوەدا





حەسودی بەداڵغەی کوندێک دەبەم
لە کاتی سەرنجدانی
لە هەرەوەزی پەلک وەراندن
بەوە لە خۆم جیا دەکرێمەوە
کە لەژێر فەرمایشتی نەغمەی پێک هەڵدانێکدا
(لە دولا مەستو حەیرانم)
مەستتر لە پەرشبونی پرچی زاهیدێکی دەلال
گەرمتر لە قوڵپەی
ئەستێرەیەکی شەو نەدیوو
دەریاچەیەکی لە تاریکی نەبان
سەیریم لەوە دایە
لەناو چەپۆکی کورە گوناهەکانەوە
نەرمیەتی ئاسنم دەبینم
سەمەرەییم لەوەڕا دێت
لە تابوتە دڵ رەقەکانی حوزنەوە
نیانی ئاسن دەبیستم
وەرن لەژێر ئەم دیوارەدا بمکوژن
لەژێر ئەو سێبەردا





بەنەعشی کاروانێک داخەوە لەگەڵ شەبەیخوندا پاڵم خەن
تازە دیرۆکی ئەو حاشیە لەرزۆکانەم
پڕی بوە لە بەسەرهاتە ترسناکەکانی ئاسن
لەو سێبەرە پشت کۆمەدا
گوێ لە قرچە قرچی
داگیرسانی زوقمو
چرپەچرپی نوکتە بازاڕیەکانی باران دەگرم
لەوێ لەژێر ئەم دیوارە وەڕسەدا
سەیری خوێندنەوەی مانشێتە گرگنەکانی پیریو
سەیری خەزەڵوەری
دەستە عاشقەکانی بەرد دەکەم
ئاسن پڕیەتی لە نەغمە لەمن
ئاسن تەژیە لە گوڵ
چ دەبێ ئەی دۆست
مەتەڵی هەڵفڕینی دڕکو نیشتنەوەی گوڵ
بۆ خەردەلەکانی کۆڵان راڤە بکەین
ئەوە شیعرە بەو هەمو پێو پانیەوە
بەس بە دەرگایەک دەزانێ

ئەوە عەشقە نایەوێ
لەسەر ئەو جۆگەیەوە بفڕێ
وەرن لەم بیابانی بە هەڵمبونەدا دەسکەنەم کەن
لە ژێر چارۆکی ئەو شەوەدا
بمکوژن
کە سیمای فیردەوسیانەی
هەمو سەحەرەکانمی شاردەوە
لەناو چەپۆکی ئەو ئێوارەیە دا دەفنم کەن
کەتوڕی دامەوە سێبەری پشت ماڵ
بەوە لە خۆم دەچم
لوتم پڕیەتی لە ژەنگی پەمەیی ئاسن
چاوم پڕیەتی لە بۆنی بەهاریانەی ئاسن
لەوێ بە بەرچاوی خەردەلەکانی کۆڵانەوە
بەیێزوی تامکردنی بەردە داخبوەکانەوە
قاچەکانم لە پێ دەکەم
بە لەزەتی هەڵمژینی دوکەڵی کەرسەکەوە
سەرم دەخەمەوە سەرم
دەچمەوە..





دەبینم هێشتا رەشبەڵەکی هەپڕون بون‌و
سەمای دوکەڵی جگەرە دڵ سوتاوەکان دەگەڕێ
ئاسن دەستەونەزەر کڕنوشی بۆ ڕێگە بردوەو
ئاسن لە خوێندن دێتەوەو
ئاسن بە پیریەوە دەچێ
وەرن لەم بازارە پڕ مەگەزەدا بمکوژن
ئەو دەستە زاهیدانەم بقرتێنن
کە هەردەم زاخاوی
نزا سەرمەدیەکانیان لێ دەچۆڕێ
عەشق نوایەکی نیە
بۆ گرمۆڵەبون لەحەژمەتی بەرقە هەترەشیەکانی فیراق
پەرستگایەکی نیە
بۆ کڕنوشی لەزەتێکی ئەبەدی
ئیدی ئاسن
سێ بڕگەی ئاوێزانەو هیچی تر
چوار پیتی پەژموردەی
بەر پەنجەرەکانی کۆچەو هیچی تر
گوێ گرتنە لە حیکایەتە قۆڕەکانی بون‌و





بەسەرهاتە ئێسک سوکەکانی مردن
گریانێکی پەپولانەی غاباتە لێخنەکان‌و
قاقایەکی سەرشێتانەی پارکی نیگا ڕێژەکانە
نوکتەیەکی شەرمنی ناو پاسەکانی بەرائەت‌و
نان خواردنێکی سێ سەعاتیە لەسەر مێزەکانی وەهم
بەوە لە خۆم جیا دەکرێمەوە
بە دو دەستی سوتماکەوە
هەر خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە پیرۆزەکانی ئاسنم
لە ئاسندا عەشق هەیە
ئەو عەشقەی هەمو ساتێ
دەمباتەوە سێبەری پشت ماڵ

١ شێخە پیاوێکی سەرخۆشبو، هەمیشە لە باخی گشتی سلێمانیدا دەخەوت، تا لە شەوێکدا بەفر باری‌و لەسەرمان ڕەق بوەوە.

# ئاسۆ مریشکەکانت بگرە
# ماڵتان خەریکە بار دەکات

٢-٨





ماڵتان بەرەو ڕۆژهەڵات

بو

کەچی ئێستا بەسەر بەردە دەلینگ تەڕەکانی کەناردا دەڕوانێ

ئێستا بەسەر مەرقەدی بولبولێکو

مەزاری ڕیشۆڵەیەکدا دەڕوانێ

ماڵتان بەرەو

ئێستا بەسەر کوشتنی دەستەوخەتی هەرمێیەکو

تامکردنی ڕەشنوسی لێکردنەوەی هەنارێکدا

بەرەو بەرێکردنی کاروانێک گوناهی ئێسک سوکو

داڵدەدانی خێڵێک لە حەسەناتی مرچومۆندا دەڕوانێ

ماڵتان ئێستا

هەر ڕۆژەی لەناو نامەیەکدا دەنوسرێتو

هەر دەمەی دەخرێتە ناو ڕستەیەکی ماندو

هەر وەختەی دەچێتە قوتوی عەتارێکو

هەر کاتەی دەخزێتە باوەشی چیرۆکێکی پیر

دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی کانیەک





ئەو دەمەی ڕیحانەکانی پرچی کچێک ئاو دەدات

دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی هاژەیەک

ئەو کاتەی بەسەر چارەنوسی بەردێکی پشتکوڕدا تێدەپەڕێ

دێتو نینۆکەکانی خۆیو

بسکە مەکرکەرەکانی هەتاو پێکەوە هەڕاج دەکات

دەڕواتو

جوتێک باڵ لە ڤارتۆیەکی نێر بۆ خۆیو

جوتێک گۆرەوی بۆن شامپۆ لە دوکانە سەر سپیەکەی حەمە

بۆ منداڵە گرینۆکەکانی پشت ماڵ دەکرێت

هەندێک چکلێتی تام سمێڵ بۆخۆیو

هەندێک بنێشتی تام خەڵوز

بۆ عاشقە دۆڕاوەکانی کوڵان قەرز دەکات

دێت بانگی کورە چاو ڕەشەکەی دەکات

نایەڵێت لەژێر سوانەیەکی نیوە هەتاودا ڕاکشێتو

پڕ بە وجودی کەون بانگی دەکات

ئاسۆ ئاسۆ





ئاسۆ لەنێو تەشتێک چێشتی بۆن تەڕەتیزەدا

کەوچک کەوچک خەمی ساوا دەخوات

ئاسۆ لەناو حەوشەیەکی بۆن گڵدا

بە کلکی مریشکەکانی باوەشێنی کائیناتو

بە چاوە گندۆرەییەکانی

هاوێری چیرۆکە ئاگرینەکانی ئاسمان دەکات

ئەو فریا دەکەوێت شیر بخواتو

مریشک بگرێو ئاو بڕژێنێ

ئاسۆ لە قاوشێکی بۆن پایزدا

پێڕادەگات بگریو دەرمان بخواتو

بنوێ

دوا جار ئاسۆ لەناو دو دەستی بۆن دوکەڵدا

بەرێگاوەیە بۆ وەرین

فریا دەکەوێت گۆرانی بڵێو چاو ببڕێتە دارستانو

فریا ناکەوێت بمرێت

ئاسۆ نایەت

تۆ بار دەکەی‌و

مردنم لە دەسرۆکەیەکدا بۆ فڕێدەدەیت‌و

منیش لە ترسی گریانی برنج‌و کولانی ژنان ناوێرم بمرم

کەچی ئەو لە خۆشی سمێڵ شیرینی پیاوان‌و کولانی برنجدا نایەوێت بمرێ

ماڵتان بەسەر جۆگەیەکی پڕ تەرمی سوێردا دەڕوات

بەسەر ئاگرێکی بسک سورو لچک شیندا رێدەکات

بەسەر دوکەڵێکی چاو سەوزو

روبارێکی پرچ خاودا دەڕوات

منیش لە ترسی قاقا ترشاوەکانی کچانی کوڵان نامەوێت بگریم

ئاسۆ مریشکەکانی بۆ ناگیرێت‌و

ماڵتان لەسەر لێواری شەپۆلێک چاوەڕێیە

ئاسۆ مریشکەکانی بۆ دەگیرێن‌و

منداڵانی کوڵان ماڵی ئێمەی پیشان نادەن

ئیدی ماڵتان بار دەکات‌و

ئێستا بەسەر ئێوارەیەکی رەشدا دەڕوانێ

ئێستا یاساوڵێکی چاو درێژ





کە بۆنی بن باڵی هەوارەکان پڕ دەکات لە کەڵەی کۆترو

دەست‌و قاچی هێلانە

ئێستا حەسحەسێکی داوێن چنۆک

کە بۆنی شەڕواڵی مێژو پڕ دەکات لە خیانەتی جوتبونی دو چەتر

لهەمو شەوو نیوە شەوێ ئێشکچی باڵاتەاو

بە تەنیا کەپرەکان پڕ دەکات لە کسپەی خەوتنی پشکۆیەک

ئاسۆ مریشکێک دەخاتە ژێر باڵی‌و

ئەوەی تر دەخاتە ناو تەشتێک چێشتی بۆن تەڕەتیزەو

فێری دەکات چۆن

شیعر بخوات‌و برنج بخوێنێتەوە

ماڵتان دەڕوات‌و

منداڵیم لەگەڵ مریشکەکانی ئاسۆدا شەڕ دەکات

لەگەڵ ئاسۆدا

منداڵیم حەز لە چێشتی بۆن پیازو

چکلێتی تام قاوە دەکات

منداڵیم حەز دەکات بەدوای تراکتۆرێکی پڕ لە ماڵدا





چەنگوڵەکانی پڕ کات لە تامی رۆیشتن‌و پەشمەکی خوڵاوی

بەدوای روبارێکی پڕ خەوندا

جانتاکەی پڕ کات لە ساواری کوڵاوو بنێشتی پاپا

بەدوای سەفەری گۆرانیەکی ساوادا

گیرفانەکانی پڕ کات لە ئاو

منداڵیم پێی خۆشە

تورەکەکانی پڕ کات لە چیرۆکی چارۆکە پیرو

داپیرەی چارە سپی

پەنجەکانی پڕ کات لە کلۆ شەکری رەق‌و

ددانی نەرم

منداڵیم هەمو ئێواران بە کوڵانەکەی پشت ماڵماندا تێدەپەڕێ

هەمو بەیانیان لای تانکیەکەی ئێمەوە دەموچاوی بە تاریکی دەشوات

هەمو نیوەڕۆیان لای ئێمە جبسی نەرم دەکرۆژێ

منداڵیم هەمو دەمێ بەدوای چۆلەکەی شێت‌و

کچی هەڵفڕیوەوە

باڵەکانی دەکوژێنێتەوە





هەمو دەمێ سفرەی ماڵتان پڕ دەکات لە دەنوکی کۆترو

گەڵای هەنجیر

منداڵیم بەلای ماڵی ئێوەدا دێت‌و لەگەڵ مریشکەکانی ئاسۆدا

جەنگ بەرپا دەکات

ئیدی ماڵتان

ئێستا بەسەر نەعشی شیعرە فڕێدراوەکانی من‌و

نەعشی مریشکەکانی ئاسۆو

دەسرۆکە دڕاوەکانی تۆدا دەگری‌و

لهەمو شەوو نیوە شەوێ بە دایمە) رۆحی لەلاتە

# کۆڵانێک بۆ لەیەکدابڕینی دوو چەتر

٢٠١١





لێرە لەو بەر هەیوانی گومڕاییەدا
لەو کوشتارگەی شەڕاب و
ختکاندنی بادەدا
بە کۆشێک پەڕسێلکەوە چی دەکەی
بەشی باخچەیەک تەماشا
لەو شارە ریشنەدا نادۆزیەوە
شوێن پێی کام سنەوبەری چاو بەکل و
کام هەناری دڵ بریندار
لێرە بە دەستێکی پڕ پەنجەی
هەتیوەوە
لەو کۆڵانی عەشق هەڕاجەدا
رەشەبای چ روبارێک هەڵی گرتوی
لەو پەرێزی بە هەڵمبونەدا
چیتداوە لەگرگرتنی پەنجەکانی جگەرەیەکی چڵکن
مندالآنی ئێرە لەو سەری کۆلارەوە
تا ئەوپەڕی گڕوگرتن
لەم دیوی چەکەرەییەدا تا ئەودیوی هەڵوەرین
لێرە لەو ئاواییە بێ جریوەیەدا





تاریکی بەرپا دەکەن
مانگ کۆ دەکەنەوەو
ئەستێرە لەسەر جۆلانەکانیاندا پاڵ دەخەن
تێنەگەیشتین بۆ
دڵمان لە هەورازەکانی تڕپەدا
نەگەیشتە خەڵوەتی دۆستانی هەتاو
نەمانزانی
بۆ لە کۆبونەوەی ئەو هەمو یەئسەدا
چرایەک خۆی ئاگر نەدا
گیتارێک خۆی نەژەنی
زریانێک خۆی پاڵ نەنا
دەرگایەک خۆی نەکردەوە
کەسێک خۆی نەهێنایە ژوورەوە
من کۆلانێک پێ دەزانم
بێئەوەی تەماشام بە سیلەی سوێیانەکانیدا هەڵواسم
بێئەوەی نیگام بگرمە داوێنی دەرگایەکی
زیاتر لەو ئەستێرانەی شەو بە دیاریەوە هەڵدەکورمێن
زیاتر لەو دەستانەی چارەنوسی پەنجەرەکانی قفڵ دەدەن





من هەر لەوێم
چاوەڕوانی لە تەنیشتمەوە وەستاوەو مەرگ بەرپا دەکا
تاریکی لە بەردەمم دانیشتوەو زەمەن شیتاڵ دەکا
بێئەوەی بەخۆم بزانم بەو ئاخیری عومرەوە
هەر لەو کۆلانەم و چاوەڕوانیش بە تەنیشمەوە هەر گمەی دێ
چی دەکەی بە کۆشێک پەرەسێلکەوە چی
بەیانیانی ئێستا وەک هی ئەو زەمەنە پەمەییەی ئەودەم نەماون
نیوەڕۆیانی ئێستا
وەک جاران بەسکی برسیەوە خەو نایانباتەوە
عەسرانی ئێستا سێبەرێک نەماوە بۆ پیاسەی پشیلەیەکی توکن
ئێواران کەس عەشق ناباتە پشت ماڵ
شەوانە کەس دڵی دەرگا ناداتەوە
کەس لەگەڵ ئومێددا پاڵ ناکەوێ
کەس بە دیار تریشقەکانی چاوەڕوانیەوە خەو نایباتەوە
من ماڵێک پێدەزانم
زیاتر لەو کۆترانەی دەنوکی لێدەگۆڕنەوە
زیاتر لەو جریوانەی بەسوانەکانیەوە دەمرن
من هەر لەوێم

تۆش لێرە نیت
تا لە هاتوچۆی نێوان ئەوسەری دارهەنجیرێکەوە
بۆ ئەوپەڕی دارتویێکی پەرچەم خۆڵاوی
دیقەت لە زەوقی پەڕەسێلکەیەکی خانە خەراب بگری
نەمای تا تێبگەی گوژاڵکی چاوەڕوانی تاڵترە
یان پەشمەکی بن سێبەرەکانی فیراق
من کۆڵانێک پێ دەزانم
نەخێر من هیچ شتێک پێ نازانم
لەوەتەی هەم لەگەڵ پەرەسێلکەیەکدا باران نادۆزمەوە
بەفر ون ناکەم
لەوەتەی هەم ئاگرم بەرنەداوەتە کۆڵانێک
سەربانێکم بە زیکر تەڕ نەکردوە
پەنجەم نەخۆستۆتە نێو پەنجەی دارهەنارێک
لە دەرگای شعوری هیچ کانیەکم نەداوە
من هیچ شتێک پێ نازانم
لە کەپری ریشۆڵەیەکی بە دەسنوێژەوە
تا دەواری دوعایەکی ختکاو
لە مەزرای شیعرێکەوە





تا بێشکەی خەمێکی چاو گەش
هیچ شتێک ناخزێتە ناو پەڕاوەکانی شعوری من
چی دەکەی بە کۆشێک پەڕسلێکەی بریندارەوە
ئەو هەمو جریوەیە لەکوێ دەڕژێنی
لەو ئاواییە بێ مروەتەدا هەمو ڕێگاکان دەچنەوە سەر بەجێهێشتن
هەمو ڕێگاکان بۆ ڕۆیشتن
هەمو دەروازەکان بۆ نەکرانەوەن
هەمو چراکان بۆ ئاگر نەدانن
هەمو گیتارەکان بۆ نەژەنینن
هەمو کەسەکان بۆ نەهاتنە ژوورەوەن
من ماڵێک شک دەبەم
ئێستا بۆنی چایەکی عاشق سەمای تێدا ناکات
هەڵمی شۆربایەکی ئێسک سوک
نائاڵێتە یادەوەری پەنجەرەکەی
کچێکی لێ نیە چاوەڕێی تێپەڕینی دێوەرەیەکی بازنفرۆش بێ
هەیداد برین کەوتۆتە مێژووی
ئەم ئاواییە ریشنەی من
لەوەیە ئێستا مردبامو





زەفەرم بە کردنەوەی پەنجەرەکی دی نەبردبا
لەوەیە ئێستا مردبامو
فریا نەکەوتبام دەردەدڵ لەگەڵ دەرگایەکی دیدا بکەم
بەهێواشی حەیای ڕێواسێکم خستبایە بەرچاوی باران
چاوی کانیەکم لە هەتاو شاردبایەوە
لەوەیە ئێستا نابامو
نەمتوانیبا لەو ئاهەنگەدا وێنەیەک لەگەڵ سنەوبەردا بکشێم
لەگەڵ سێبەردا گۆوەند بکەمو
لەگەڵ تەنیایدا بگەڕێمەوە بۆ ماڵ
لەوەیە ئێستا مردبامو
ئەو کتێبەم لەدەست نەکەوتبایە رووبار
ئەو چیرۆکەم لەچاو نەخزیبایە خوار
ئەو بەسەرهاتەم نەگەیشتبایە دەمی پاساریەکانی کۆڵان
هەیداد ئاستەنگ کەوتۆتە بەردەم پیاسەی دوو هەنار
گومان دەکرێ لەوەی پەنجەرەکان تیشک بێننە ژوورەوە
تۆش بەو بەیانی زووە
ئاگر لە سوچی کام بیبانی زەمەن بەر دەدەی
دەتەوێ ئەو منداڵانە لە سێبەری کام باخچەدا خەو بڕوێنن





لە سێبەری کام درەختی توکندا
تاریکی رابخەنو تیشک بوەرێنن
منداڵ بۆئەوەیە دارستانەکان بە تەنیا نەمرن
منداڵ بۆئەوەیە پەپولە بە تەنها نەوەرێ
ئەستێرە بە تەنیا نەکوژێتەوە
باران بەبێ کەسی دانەکا
کۆتر بەبێ مرازی هێلانە نەگرێتە کۆڵ
هەتاو لە خۆیەوە گرێبەستە سپیەکانی بەفر هەڵنەوەشێنێتەوە
منداڵ بۆئەوەیە
لە رەشنوسەکانی زەمەندا
کەسێکی تر هەبێت بۆ عاشق بوون
ماڵێک هەبێت بۆ بۆ بەخێوکردنی گومان
کۆڵانێک هەبێت بۆ لەیەکدابڕینی دوو چەتر
بەو عەسرە درەنگەوە
بە کۆڵێک دەنوکی وەریوەوە
لەو ئاوەدانیە ریشنەی من چی دەکەی
کام شنەبای بۆن دوکەڵو
کام رووباری دڵبریندار هەڵی گرتوی

# لە نیوەڕۆ کۆنتر

٢٠٠٧

خەڵاتی دوەمی یانزەهەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی لە سلێمانی وەرگرتوە





قسەیەکم بۆ بکە
لە سەرکەوتنی مێرولەیەک کۆنتر بێت
بەسەر کوپەڵەکانی شەڕابدا
کۆنتر بێت ئەو قسەیەی بۆم دەکەی
لە کڕنوشی فیرعەونێک بۆ تابوتێکی ئاو بردو
کۆن هێندەی باڵقبونی یەکەم لاسکە گەنم لە سەفەرە تەڕەکانی بەهار
کۆن هێندەی پێگرتنی یەکەم دڵۆپە ئاو
هێندەی وەگۆ کەوتنی یەکەم هەناسە با
هێندەی هەڵوەرینی یەکەم وەچە گەڵا لە دامێنی کتێبە زەردەکانی پاییزدا
قسەیەکم بۆ بکە
زۆر قۆڕتر بێت
لە راموسینی لمۆزی یەکەم دەست
بەتاڵ بێت ئەوەندەی ماهیەتی یەکەم عەشق
عاشق بێت ئەوەندی یەکەم ماڵئاوایی
کە کزەبای ئێوارە وەک پیرەژنێکی خەندە وەریو چارۆکە هەڵدەدا بۆ گەمەی ئەستێرە هەرزەکان
کە زەردەی خۆراوا وەک کچێکی شەرمن دەرگا لەسەر قریوەی کوڕانی کۆڵان دادەخا
پێدەچێت لە یەکەم نیوەڕۆوە پێکەنین هەڵوەری





شەڕواڵ هەبێتو پڕ بێت لە شەهوەتو خاڵی بێت لە میهر
عەشق هەبێتو پڕ بێت لە باسو خواسی وەرین
دەوار هەبێتو
هەوار هەبێتو پڕ پڕ بن لە سروتی جێهێشتن
بەفر هەبێتو جمەی بێت لە یاساوڵەکانی توانەوە
حزب هەبێتو لافیتە دابەش بکات
پێدەچێت
ئاو هەبێتو بەسەر تەوێڵی تاشە بەردەکاندا هۆرە بچڕێ
من هەبمو لە عەشقێکی کرێدا ماڵ بگوازمەوە
دڵ بگوازمەوە
مەرگ، شین، دارستانە بێ تاقەتەکانی ئێرە بگوازمەوە
ئەو دارستانانەی
لە یەکەم نیوەڕۆوە بە دوای هەوەسێکی نەڕسکاودا
پەنجەکانم داگیر دەکەن
دەستەکانم قۆرخ دەکەن
قسەیەکم بۆ بکە
سەوز بێت هێندەی سەروەتی هاوڕێی رەنگو فڵچەو ئاو
بێ دین بێت هێندەی پڵینگەکانی ماردین





تاریک بێت هێندەی ئەشکەوتەکانی قوباد
غەمبار ئەوەندەی غوربەتی جەمال
قوڵ هێندەی منداڵی ناو مەرکانەکانی دلاوەر
کورتو درێژ بێت ئەوەندەی ویژدانو ریشی تیرۆریستێکی ماڵ لە سێبەر
کورت بێت هێندەی
شایەتمانی حاجیەکی نوێژ فرۆش
سپی بێت هێندەی دایکێکی دەست بە کەف
کورت تر بێت لە تەمەنی منداڵێکی راکردو لە حەمام

*        *        *        *        *        *        *

رەنگە یەکەم نیوەڕۆ بگەڕێتەوە بۆ چاخی لەدایک بونی یەکەم کلوە بەفر
پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ساڵی مردنی یەکەم روبار لەتینوێتی

*        *        *        *        *        *        *

هەڵماندەنەوە
وەک لاپەڕەکانی کتێبێکی پێخواس
وەک جانتای کچێکی سەرمەدی
لەپرسگەی دەریایەکی تاریکدا
هەڵمان دەنەوە وەک چارۆگە پەمەییەکانی رێواسێکی مزر
وەک پەردە لەسەر پەیکەری دو منداڵی سێو بردو

* * * * * * *

نیوەڕۆ لە دیرۆکی مندا
بەتاڵبونەوەی نیکاحی پیاوێکی زەوق برنجیە
بە لەنجەی کچێکی دراوسێ
بەتاڵبونەوەی رۆژوی سەیدێکی گفت زەیتونیە
بەگرشەی سەفتە دیناریکی بیژو
تکانی شەرمی خێڵێکە
بەلرفەی خوێنی دوعایەک
هەڕاج کردنی پیاوەتی مێردێکی بەربەریە
بە رژانی کوپە فرمێسکەکانی ژنێک
نیوەڕۆ
دروستکردنی مەندیلی مەلایەکە لە پەڕۆی مارەییەکی نهێنی
دورینی عەمامەی ئەنفالچیەکە
لە بسکی دایکە چارۆگە رەش و
دڵ سپیەکانی گەرمیان
نیوەڕۆ دزینی ئاوازی بەستەیەکە
لە پرچی چنارێکی دەست بە گەڵاو
چاو بە گەزۆ





دزینی سێبەری مانشێتێکە
لە رۆژنامەیەکی بێ نەسل
نیوەڕۆ هاوێرکردنی بایە لە نۆتەکانی گڤە
تەڵاق کەوتنی روبارە
لە ماچە ترشەکانی هاژە

* * * * * * *

ئیتر تۆ واز لەو فتنەی چاو نوقاندنە بێنەو
بەسەرهاتێکم بۆ بخوێنەوە
وەک کاسە دڵپڕەکانی تاغوتێکی گەنم رەنگ
میسیار لەسەریەوە بڕژێ
قسەیەک دەمو چاو خوڵاوی بێت
وەک باڵە قرتاوەکانی کتێبێکی بەجێماو
لەکۆچی ناوەختی گەلەگورگێکی خوێندەوار
گیرفانەکانی پڕ بن لە ترس
لە هەمبەر فیشاڵەکانی رەشەبایەکی تورەهات
شتێکم بۆ بخوێنەوە
باسی لێو سووری و دڵتەڕی خێڵ بکات
بە چۆڕاوگە رژاوەکانی خوێنی عەشقێک





بەسەرهاتی کوشتنی گیابەندە پرچ قوڕاویەکان بگێڕێتەوە
بە گۆچانە شەرەف چەماوەکانی عەشرەت
دە وەرە باسی ئەو حاجیە کەشیدە بە رۆنانەم بۆ بکە
کە بەر لەوەی سەلامی نوێژی جەژن بدەنەوە
کفنی ناموس بۆ کچە عازەبەکانیان و
شەرواڵی شەرەف بۆ کوڕە ناموسپەروەرەکانیان
بە دوورین دەدەن
ئیدی واز لە شاتە شاتی ناو ئەو جەمهەرە بێ هیوایە بێنە
باشترە لەم نیوەڕۆیەدا قسەیەکم بۆ بکەی
چیرۆکی برسیەتی دێوەرەیەکی ماڵ لەکوڵی تێدا بێت
بۆ سفرە بەتاڵ و حەتاڵەکانی نیشتمان
پڕی بێت لە نامەی باوک کوژراوی نێو سەنگەر
لە عەشقی فڕێدراوی پشت چادرگەکانی شەڕ
سەرەتا بە ناوی ئەو رێبوارانە دەست پێ بکات
کە لە سەفەری نیشتماندا قاچەکانیان فرۆشت و نەگەیشتن
بەناوی ئەو جەلادانە کۆتایی بێت
کە مەرگ لەگەڵ لەیستۆکە رەنگینەکانی منداڵاندا دەبەشنەوە

* * * * * * *





نیوەڕۆ لە رەچەڵەکەوە بۆنی بارانێکی ترشاوی لێ دێت
ماکیاجی زیوینی مەرگی کردووەو
سێوی تاڵ لە پەنجەرەکانەوە دەخاتە ژووری
ئەو ئاوی تاڵ بە سەر پەرچەمی دەزگیرانەکاندا دەڕژێنێ
بۆیە باشترە کەمێک لەکانی چۆلەکەم بدەیتێ و
باسی ئەو جریوانەم بۆ بکەی کە لەسەر رێگای باخچە چاو سەوزەکاندا
ووشک بوونەوەو باڵیان نەگرت
باشترە هەندێک لە سورمەی چاوی ئەو کانیە شەرمنانەم بدەیتێ
کە رۆژ تا ئێوارە بەدیار ماچی دزراوو
سێوی دزراوو نوشتەی زەردەوە پێدەکەنن
تۆزێک لە بۆنی ئەو نامە پەمەییانەم پێ ببەخشی
کە پڕیانە لە رەنگی پرچ و دەنگی پرچ و بۆنی پرچ و
بێناز دەمرن

* * * * * * *

کە سەحەر وەک منداڵێکی پێخواس روناکی بە کۆڵانەکاندا دەگێڕێ
کە سوبح وەک ماڵە شەهیدێکی شەڕی ناو کتێبە رەنگاو رەنگەکان بێناز دەبێت
خەریکە قوڕگم پڕ دەبێت لە شەپۆلی شەرابێکی سەر شێت و
دەست دەخەمە بناگوێی کۆچەوەو سترانی بێئومێدی دیێژم

نیوەڕۆ وەک پیاوێکی پیر

دەستی لەپشتی مێژووەوە گرێداوەو

بە کۆڵانە قوڕاویەکەی ماڵە وێرانەکەی یاردا

بە کۆڵانە تۆزاویەکەی ماڵە پیرۆزەکەی خوادا

بە کۆڵانە مەرمەڕیەکەی ماڵە بەهەشتیەکەی قەرەجێکدا

دێت‌و دەیەوێت لەسەر ڕێگەی جۆگەلەو کانیە کەوسەریەکانی نیشتمان دانیشێت‌و

گوێ نەداتە گەندەڵی هەور لە تەزویرکردنی وەسڵە تەڕەکانی باران

گەلآیەکی بە ئەدەب بەسەر ڕوتی

لە شەڕی با دێتەوە یان نا کێشەی ئەو نەبێ

ڕەفەی مزگەوتێک پڕ گۆرەوی بۆن تیژو

جادەی شارێکی بێوەژن پڕ تەور وەشێن‌و زمان وەشێن دەبێت یان نا

غەمی ئەو نەبێ

شۆستەی شەقامێکی کەچەڵ پڕ لاشەی زیرەکردووی عارەبانە گیانفیداکان دەبێت یان

نا

هەر بیری لێ نەکاتەوەو

لەرزەیەک نەکەوێتە پەنجە سەرسەریەکانی

*            *            *            *            *            *            *

نیوەڕۆ هەموو ڕۆژێ لەسەر بانی ماڵە شەنگ‌و پیرەکانی ئێرە هەڵدەپەڕێ





هەموو ڕۆژێ ئارەقە بەسەر نێوچەوانی قالۆچە چارۆکەو چارە ڕەشەکانی ئێرەو

شەونم بەسەر توکە ئاوریشمیەکانی بەرخەکانی ئێرەدا دابەش دەکات

*            *            *            *            *            *            *

لە بەیانیەوە پێت دەڵێم واز لەو نیوەڕۆ هەرچی‌و پەرچیەکان بێنەو

نوکتەیەکم بۆ بکە پڕی بێت لە پێکەنینی مەرگ

پڕی بێت لە گریانی نەمردن

بەتاڵ بێت ئەو نوکتەیەی بۆم دەکەی

وەک ئەو نیوەڕۆیانەی بەسەر لاپەڕەکانی تەمەندا

عەجولانە دێن‌و دەچن‌و تێدەپەڕن

ڕەنگە یەکەم نانی نیوەڕۆ لەسەردەمی لەدایک بوونی یەکەم ئەستێرەدا لەنێوانی یەکەم نیاندەرتاڵ‌و یەکەم دایناصۆرو لەسەر یەکەم بەرد خورابێت، ڕەنگیشە فەرمایشتێکی خودایانە لە پشت ئەوەوە هەبێت هەموو مەردمی وڵاتێک لەیەک ساتدا نیوەڕۆ دابگیرسێنن، گرەنتیشە پێش یەکەم نیوەڕۆ من هەبووبم‌و لەو کاتەوە تەمەنم خستێتە جانتای قەرەجێکەوە، تا دوایین نیوەڕۆ بە کۆڵانی گۆڕستانەکاندا بیگێڕێم‌و کەس قرۆشێکی پێ نەدا.





# شوێن کوشتن

٢-٩





دەستێک بە چارەنوسی هەورە بیمارەکانەوە بگرەو

جارێک دڵ بدە بە باران

مێژووم پڕکە لە عەترە بۆکڕوزەکانی باخچەو

گڕ بەردە کۆڵانەکانی تەنیاییم

چونکە ئیدی بەرگەی دڵشکان ناگرم

*            *            *            *            *            *

لەسەر سوچی کۆڵانی زولف فرۆشەکانەوە

ئەگریجە بریندارەکانت داگیرسێنە

لەسوێیانی ماڵە بەردینەکەی پشت بێتاقەتیمەوە

ئاگر بەردە پەرێزەکانی یادگاریم

بباری

بەسەر پێدەشتەکانی فیراق

برژێ بەسەر بیابانەکانی لێک جوێبونەوە

بتکێ بەسەر تەوێڵی کۆختەکانی ئومێدو

گڕ بەردە باڵای پێکەنین

*            *            *            *            *            *

ڕێگایەک ناکەوێتە ڕێ

پەنجەرەیەک پەردە هەڵنابڕێ با ببینێ

ئاوێک، دەستە شینەکانی بە هەتاو گەرم ناکات

بڵێسە ئیدی گڕ بەر ناداتە کەزیەکانی خۆی

لەو لاکۆڵانە منداڵێک چلورەکانی نافرۆشێن‌و

باوکی تەپەدۆرەکەی بۆ پڕ دەکات لە جنێوی ڕەنگاو ڕەنگ

*          *          *          *          *          *

پێی بڵێن

بەو درەختە بەعیشوەو دەست بە گەڵایە بڵێن

دەست  هەڵگری لە راونانی با

با بە دیار ئەو پنجە گیا باڵا کورتانەی دەستەوئەژنۆ مەرگی جۆگەلەکان دەژمێرن

گۆرانی هەڵپەڕکێ نەڵێت

کەمێکی دی تەمەن هەمومان دەر دەکات

*          *          *          *          *          *

(رەفیقانی تەریقەت)

بەیانیان بیرەدا دەرۆنە دارستان‌و

ئێواران تەنیایی دەهێننەوە

سبەینان پیریم دەخەوێنن‌و

عەسران منداڵیم خەبەر دەکەنەوە

گەڵاکانی ئەوان نەرمترن





لە بسکی شۆڕەبیەکی بێ عیشوە

لخەکانی ئەوان ئاڵترن

لە لێوی دار هەنارێکی بێوەفا

*          *          *          *          *          *

ڕێگەیەک جەسارەت ناکا ڕێگە بگرێ

شەقامێک نابینی نوکە شەق لە نابوتی دووری بدات

رەفیقانی تەریقەت

بەیانیان لەگەڵ مندا شورەیی دەبەنە سەر بان

ئێواران تەرپەتی دێننە خوارێ

رەفیقان مەچەکیان پڕە لە وێردی وردو عەشقی وردو

دوعای هەپڕون

ئەوان بەیانیان بیرەدا عەشق دەبەنە نوێژو

ئێواران فیراق لە بەرماڵەکانیان دەپێچن‌و دێنە خوارێ

رەفیقان پێیەکانم دەدەنەوە

تا جوتێک کالەی سپی بە دیاری بۆ منداڵیم ببەم

*          *          *          *          *          *

دەستێک بە زمەنەوە بگرە تا کەمێک لە حیکمەتی تێپەڕین تێدەگەین

ئاخر تێگەیشتن لەو تیژڕەویەدا بە ئێمە ناکرێت





ئێمە بۆ تێگەیشتن لە باخچە دەبێ تا سنەوبەرەکان دادەنیشن بەپێوە بین

بۆ تێگەیشتن لە ئاو دەبێ تا تاڤگەکان دەگەڕێنەوە برژێین

بۆ زانینی شتێک لەبارەی عەشقەوە

دەبێ لە دوڕیانەکانی فیراقدا دەوار هەڵدەین

*          *          *          *          *          *

ڕێگەیەک تا پڕنەبێ لە بێئومێدی دەست ناکا بە رۆیشتن

دەرگایەک باوێشک نادا تا زڕ مرۆڤەکان لە پشتیەوە بەیانی دەکوژن‌و

عەسر فڕێ دەدەنە دەرەوەی زەمەن

*          *          *          *          *          *

رەفیقانی تەریقەت

هەمو شەوێ بە جلی تاریکەوە سەربردەکانم دەبەن

لەسەر مێزی شەرابەکانیانەوە

تا بەردەمی ماڵە بەریئەکانیان رایاندەکێشن

هەندێکیان سەرو مل‌و گەردنیان جێدەمێنێ

سەربردەکان

هەر رۆژەی جۆرێک جلیان لەبەر دەکرێ

هەر دەمەی بە شێوازێک ریشیان دەتاشرێت‌و

قژیان با دەیشەکێنێ





هەندێک جار جوانترن تەنانەت لە ئەو

هەندێک جار دزێون

دزێوترن لە مەرگ‌و رۆیشتن‌و چاوەڕوانی

رەفیقان شوێن دەکوژن

ناهێڵن پێدەشتێک بەپێوە بمێنێ

بوار نادەن گردێک بە تەنیشت دەریاوە سەرخەوێک بشکێنێ

رەفیقان شوێن لەت‌و پەت دەکەن

ناهێڵن درەختێک لەژێر سێبەری روباردا دانیشێ

فرسەت نادەن کورسیەک پاڵ کەوێ

لێناگەڕێن خاڵخاڵۆکەیەک بگاتەوە ماڵی خاڵی

ئەوان شوێن ئەنجن ئەنجن دەکەن

گومان دەخەنە نێوانی زەردەو لێو

نایەڵن تۆ لەنێوان کورە کابۆشینەکەی ئەوبەرو

دوکەڵی زۆپای مزگەوتدا شتێک دەربارەی داگیرسان تێبگەی

بوار نادەن کلوە بەفرەکانی سەر مەچەکت

لەنێوانی ماچ‌و توانەوەدا دێڕێک سەبارەت بە مەرگ بخوێننەوە

ئەوان بە جلی خەوەوە بەیانیان تاریکی پاڵ دەنێن

ئێواران هەتاو رادەکێشن

بەیانیان هەمو درەختەکان بە چنگی پڕ گەڵاوە دەردەکەن و دارستان نین

ئێواران هەمو جریوەکان ئاشت دەکەنەوەو پاساری نین

گفت بە هەڵوەرین دەدەن و

گەڵا نین

دەڕۆن و ئەو نین

ئەوان دەستی بیابان لە لمەوە هەڵدەکێشن

قاچی رووبار لە دەریاوە دەشکێنن

ماڵ بە ماڵ تاریکی دەڕژێنن

شار بە شار هەتاو کۆ دەکەنەوەو

گەڕەک گەڕەک شوێن شار بەدەر دەکەن

(ئەی رەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارە کەن

یان بە جارێ بمکوژن جەرگم بە خەنجەر پارە کەن)









# دێمەوە تامی رۆیشتن دەکەم

خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی گەلاوێژی وەرگرتوە





پەلەی چیتە

ئەوەندەی بێتاقەتبوونی سێوێکم پێ ناچێ لە گەیین

هێندەی کەوەڕێبونی گێلاسێکی هەرزەکار

لە گەمەی ترشێتی دوا ناکەوم

بە قەد شەرم و حسمەتی رێواسێکی بە ناز

لەژێر عەبای گەڵایەکی بە ویقار راناوەستم

ئەگەر کڵوکە تارا پەشمینەکان

قاچەکانم لێ زەوت نەکەن زوو دێمەوە

پەلەی چیتە

هێندەی کەوتنە خوارەوەی سێ هێلکەی سەر شێتم پێناچێ

لە باوەشی کۆترێکی گەنج

پیازێکی توڕە

فریا ناکەوێ کراسە چڵکنەکانی داکەنێ

دێمەوە لات

پەڵە هەورێکی بێ نەسەب

پێڕاناگا پێدەشتەکان پڕ کات لە دڵۆپە بارانی دڵتەنگ

من دێمەوە

تازە ئەو تاڤگانەی دامەنیان هەڵکردبوو نەیاندەویست بڕژێن رژان

ئەو گەڵایانەی ڕەشەبایان لەسەریان پێچابوو پێیان خۆش نەبوو بومرن وەرین

پەلەکردن عادەتی بایە بۆ خۆڵاویکردنی پەرچەمی کانی

خەسڵەتی ئەستێرەیەکی عاشقە بۆ کشان

عاشق بوونە بە بەفرو دەست تێکەڵکردنە لەگەڵ هەتاو

ئیدی هەڵزنان بە ترۆپکە تاڵەکانی یادگاریدا پەلەی ناوێ

وەرگرتن بۆ چینینی سەبەتەیەک دوکەڵ

جەنەگرتن بۆ لەیەکترازاندنی بسکە نەرمەکانی ڕەشە ریحانەو

پەنجە دڕکاویەکانی ئاونگ

بە تاڵوکە ناکرێ

*          *          *          *          *

بوەستە تا منداڵیم لەناو سەبەتەی شیتاڵ بووی

ڕەوەندێکی دەستو پەنجە بە مێوژدا دەخوسێ

مەڕۆ تا ئولفەتم لەناو چارۆگەی پڕ هەرمێی

شەنگەژنێکی دەوارنشیندا پاڵ بە سێبەرە برسیەکانەوە دەدات

تا پرچنیم

لەسەر شانی منداڵێکی لێو بەباردا

تا ئەوینم لەکوڵانێکی پڕ سەرابو بەتاڵ لە تینوێتی

تا تەونی وجودم لەو مەرگەسێری بە هەڵم بونەدا





تاڵ تاڵ هەڵدەوەشێتەوە

چاوەڕێم کە

ئەوەندەی پێکهەڵدانی گورگێکم نەماوە

لە خوێنی کاسەی ئاسکێکی دڵشکاو

هێندەی دڵرەقبونی پیاوێکم نەماوە

لەبەردەم پەنجەرە ژنانیەکانی باخ

بارتەقای هەرمێیەکی مێ

داوێنو زمانی بێوەڵە زیتەکانی وەحشەتم

پێ تەڕ ناکرێتەوە بە ئاوی فیراق

ئەگەر خۆم بۆم نەکرا منداڵیم دێتەوە

لەسەر بانی ماڵە شەڕفرۆشەکانەوە کوڵارەت بۆ هەڵدەدا

لە کوڵانە قوڕاویەکانی پشت ماڵە جوڵاکانەوە

ئەستێرەت بۆ ڕاو دەنێو باڵی ریشوڵەت بۆ گرێ دەدا

منداڵیم دەنێرمەوە

ئەو باشتر تێدەگا لە شانەکردنی پرچی چۆلەکەو

تریقانەوەی مانگەشەو

زووتر فریا دەکەوێ گوێچکەی دەلاقە هەتیوەکانی ئەوێ

بە گریانی حەزین پڕ کاتەوە





ئاخر من تاقەتی پاڵدانەوەم نەماوە

لەسەر مەرگی کلوە بەفرێکی نازدار

حەزم لەوە نەماوە لەسەر ڕێی بارکردنی هێلانە قوڕینەکان بوەستم

جەسارەت ناکەم

هەموو ئێواران بە دیار داخستنی دەرگا چارە ڕەشەکانەوە

چاوەکانم پڕ کەم لە خەمی سپیو

مەراقی زیوین

*          *          *          *          *

تا شەو دادێ

بەدیار کڕوازنی باڵی کوکوختیەکەوە

گریان دامەگیرسێنە

دەرگا بەردینەکان ڕۆژێک دێت بە ڕووی نیشتمانێکی تەلاقدراودا بکرێنەوەو

تیشک بەسەر شۆڕەبیەکی پرچنو

قوڕ بەسەر کوچە بێگوناهەکەی ئەودیو ماڵە کۆچەریەکاندا بپڕژێنن

زەمەنێک دێت پەنجە تفتەکانی ئێمە

لە دامێنی گەڕان بەدوای جگەرەیەکی جگەر بڕاو

یەکتری بگرنەوە ئامێزی سوتان

ڕۆژێکم ماوە بۆ هەڵگرتنەوەی تاڵەکانی پرچی شۆڕبیەکی شۆڕ





چرکەیەکم ماوە بۆ گریان لەژێر دیوارە ئاگرینەکانی ماڵی زۆزان

زۆرم پێ ناچێ

ڕەنگە هێندەی دواکەوتنی دەنگی بولبولێک دوای ترازانی دەنوک دوا بکەوم

پێدەچێ بە قەد ڕژانی ئەگریجەیەک

لە تاڤگەکانی ڕومەتدا

یان ئەوەندەی پەنجە تەقاندنی زۆربا

دوای یەکەم پێکە شەرابی ترێ دوا بکەم

پەلەی چیتە

ئەگەر خۆم بۆم نەکرا نەهامەتیم دەخەمە ناو جۆگەیەکی بێوەژنەوەو بۆت دەنێرم

ئەگەر بوارم نەبوو

دەردەسەریم دەخەمە زەرفێکی عازەبەوە بۆت ڕەوانە دەکەم

هەموو جۆگە تینوەکانی ئێرەت بۆ دەکەم بە ڕووبار

مەرگم دەنێرمەوە بە جوتێک دەسکێشی نەرمو

جزمەیەکی ئاڵتونیەوە

منداڵیم لە بوخچەیەکی پڕ گەڵای پیرو سێوی ڕزیو

لە هەگبەیەکی پڕ خەمی ڕەزاشیرینو

پێکەنینی چارەگراندا

لەسەر ڕێگە تەزیوەکاندا فڕێ دەدەم

منداڵیم لەناو جۆلانەیەکی پڕ فیشەکەو
بوخچەیەکی پڕ نوشتەی پیاو کوژدا بەجێدێڵم
ئاخر ئەو باشتر دەتوانێ راوی جۆگەلەی جەسور بنێو
خۆی بە شاقەڵەکانی رەشەبادا هەڵبواسێ
زۆرم پێناچێ
هەر چیرۆکی تکانی حەقیقەتی مردن
پڕکەم لە پەراوێزی ترسی لێک جوێبوونەوە
دێمەوە
تورپێنەکانی ساوایی پڕ کەم لە بێمانایی پیر بوون
دەمەوێ لەبەردەم وێنەکانی رۆیشتنی زەمەندا
ساوا ببمەوەو چەنگوڵەکانم پڕ کەمەوە لە خۆڵی سەربان
دەمەوێ خۆڵەپەتانێ بەبێ مانایی
تێپەڕینی فارگۆنەکانی تەمەن بکەم
حەزم لێیە
تێبگەم قسە خۆشەکانی گوژاڵک شیرینترن
یان بۆڵە بۆڵی بەرۆیکی بێ کڵاو
یانیش رووتبونەوەی لالەنگیەکی خەواڵو
پێم باشە بزانم





بۆنی برژانی کچێکی قژ کاڵ بەسوێ ترە
یان سوتانی کتێبە زەردەکانی مێژوی وڵاتێک
ئینجا بێمەوە
* * * * *
ئەوەندەی لێکترازانی دوو دیواری شەرکەر پێویستیم بە هاتنەوە هەیە
بە قەد نیکاحی دوو ئەستێرە پێویستم بە تیشکە وەنەوشەییەکانی ئەگریجە هەیە
هاتنەوە لە قوڵایی گیرفانەکانی مندا
دەروازە بە رووی پەنجە گریاوەکانی ئومێددا دەکاتەوە
گەڕانەوە
دەمکاتەوە بە پەنجەرەیەکی یاخی لە دەست یاساوڵەکانی رەشەبا
ئەوەندەی حەزی دارچنارێکی بەناز
حەزم لە وەراندنی ئەشکی بێ تامە
بەسەر مێرگە سەوزەکانی ژێربونەوەدا
پەلەی چیتە
ئەوەندەی سەماکردنی سوێسکەیەک
لەبەردەم هەیوانی سپیەیەکی پڕ جەللاد دوا ناکەوم
جەللادە داوێن برسیەکانی ئێرە
هەمیشە حەز بە سەمای پشتێنی هەوری و





کەللە سەری تورڕدراوی جەستەو
سوێسکەیەکی چاوبازو تینو دەکەن
هاتنەوە پێدەچێ
هەڵواسینی گەردنی سێوێک بێ
لە بەردەم ئافاتەکانی مێژوی عەشقێکدا
لەوانەیە گەڕانەوەی من بێ
لە سەفەرێکی چەند چرکەییم لە کۆڵانە قوڕاویەکانی منداڵی
عەشقم دەنێرمەوە ئەگەر خۆم بۆم نەکرا عەشق
چەند گەڵایەکی سەراسیمەو
چەند گوڵێکی گفت شیرین
لەبەردەم روبارێکی ریش تەڕدا بەبا دەکەم
گۆرانیەکی دەست بە خەنەو چاو بە کل
لەبەردەم بیابانەکانی پیاوەتیدا دەچرم
حەیرانێکی خەنجەر لە پشتەو
سەبیلە لە دەم
بۆ ژنە خوێناویەکانی جەنگەڵە توشەکانی ناموس هەڵدەدەم
تێهەڵدەکەم
منداڵەکان فێر دەکەم چ ئاوازێک بۆ گریانی جەژن بەکار دێ





لەبەردەم هەیوانە قوڕینەکانی عەشقدا دەوەستمو
دەگریم بۆ ئەو کچە پەمەییانەی
رۆحیان بە بلوتوزی گەنجە خوێن خۆرەکاندا
رەوانەی ماڵە خاپورەکانی عەشق دەکەن
حەیرانێکی تاڵ دەبێژم
تاڵتر لە دەستی ئەو پیاوە رەشتاڵانەی
ئەوین بەدوای سێبەری خەنجەرەکانیاندا رادەکێشن
بەر لەوەی بێمەوە
پێویستم بەوە هەیە گوێ لەو وردە چیرۆکانە بگرم
کە مانگ شەوانە بۆ ئەستێرە سک سوتاوەکانی دەگێڕێتەوە
ئەو ئەستێرانەی لە یەک ساتدا لەسەربانی عاشقێکو
جەلادێکدا
کراسی روناکی دادەنێن و
بە رووی باوە پێدەکەنن
پەلەی چیتە
تەمەن باڵندەکان هان دەدا تیژ بفڕن
وا لە سولکەکان دەکا هێندەی مەچەکو بازنی شۆڕە ژنێکی ئەرخەوانی
بەسەر یادگاریەکانی پیرێکی راکردو لە باراندا برژێن

تەمەن خێرا
مردنی ئازیزان لەبیر باخچە دەباتەوە
والاکردنی دەمی خونچە لە زهنی سرووەدا دەردەکێشێ
وا لە پاساریەکانی سەر دارتەلی شار دەکا
ریز بۆ مەرگ بگرن‌و
لەسەرەی لەناوچووندا جریوە بۆ شنەبا بچڕن
*     *     *     *     *
ئەو سپیدارانەی دەکەونە پشت ئاوەدانی لەیەک ترازانەوە شەڕ دەکەن
شەڕ لەسەر بەرزی بالای سێبەرێکی بێ وەفاو
شەڕ لەسەر ئاسمانێکی رژد
لە تەکاندنی دەنکە هەنارەکانی باراندا
ئەو دار بەڕوانەی لە دامێنی لەدایکبووندا رواون گەلا هەڵدەرێژن
بەسەر تەرمی گۆزەیەکی زیزو
نامەیەکی شەرمن
تەپو تۆزی دوای راموسین دەومرێنن
بەسەر پۆتەلاکی کلدانێکی بێ کەس‌و کار
تۆش چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو شەونمە کراس تەنکانە دەکەی
کە دڵیان بەخشیوە بە کرێوەیەکی سەودا سەرو





رۆحیان لەگەڵ باراندا دەنێژن
باوەڕ بکە
بە قەد ترپەی دڵێکی پڕ میهر دوا ناکەوم
هێندەی چەمینەوەی پەلکە گیایەکی بێمرازم پێناچێ
باوەشم پڕ دەکەم
لە باڵی کڕوزاوی ئەو کۆترە سپیانەی
لە شەڕی دەستەو یەخەی نێوان تەرزەو سوانەدا مردن
چاوەکانم پڕ دەکەم لە میحنەتیەکانی دوای فیراق‌و دێمەوە
دڵتەڕیم لە بەر چاوی قەلە رەشە دەنوک ئاڵەکان هەڵدەخەم ئنجا دێمەوە
لە لاپەڕەی یەکەمی چامەکانی دوێنێ دەنوسم
نیشتمان هەموو نامەکانی عەشقی لێ سەندم
وای لێکردم چاوە ئەستێرەییەکانی تۆ
بە بڕۆی مێرگە مەستەکانی ئەو سەودا بکەم
تەپۆلکەی چیایەکم خۆشتر بوێ
لە سنگ‌و بەرۆکی ئاغەژنێکی ئەبرۆ کەوان
لەنجەو لاری درەختێکم لا ئازیز تر بێ
لە شنەی شەماڵی بالا بڵندێک
زرینگەی چۆلەکەیەکم پێخۆشتر بێ





لە جریوەی مەستی بازنێک
دێمەوە
پێدەچێ هێندەی گیانەلای ئاونگێکم پێنەچێ
لە حەژمەت خیانەتی پەنجەرەدا
لەوانەشە بەسەرهاتە سورەکانی مێژوی پەنجەیەک
بە خوێنی سوری جگەرەیەک بنوسمەوەو بێمەوە
*     *     *     *     *
تێهەڵدەکەمە حەیرانێک بۆ ئەو عاشقە دوڕاوانەی
دوای ئۆغرکردنی تارماییەکانی بزە
گریانیان لەکۆڵ ناو رۆیشتن
بۆ ئەو ماچە سوتاوانەی
لەژێر قدومی لێوێکی داگیرساودا سپی مردن‌و نەگەیشتن
تەنیاییم دەنێرمەوە
جامانەکەی پڕە لە بەردی منداڵە دەست شوشەکانی سەر رێگا
چارۆگەکانی پڕن لە بۆنی ئاونگ
ئەگەر بۆم نەکرا
مەستیم دەخەمە ناو بێشکەیەکی پڕ لە گریان‌و خاڵی لە منداڵ
دڵم دەخەمە ناو جۆلانەیەکی پڕ لە ترپەو بەتاڵ لە عەشق





پەلەی چیتە
هێندەی کۆتاییهاتنی بالۆرەی تەمەنی قەقنەسێکم پێناچێ
ئەوەندەی گرمەگرمی هەورێکی تۆراوم
لە خیانەتی بەفر پێناچێ
پیریم بە پریاسکەیەکدا دەنێرمەوە
کە لەبێچوە چاو زەردەکانی مەرگ گمەی دێ
تا لەژێر سێبەری شاتوە ئاواز ژەنەکاندا
چادری مەرگ هەڵبدا
هێندەی کەوتنە خوارەوەی سێوێکی کاڵم پێناچێ
لە درەختە بەژن چەماوەکانی عومرو
ئەوەندەی باڕەی بەرخێکم پێناچێ
بۆ پاڕانەوە لە چەقۆکانی دەستی زەمەن
مەرگم لە دەسرۆکەیەکی سووردا دەنێرمەوە
سپیەتیم دەخەمە ناو دەنوکی کەناریەکی کەچەڵ
لێدەگەڕێم
شەڕ بکەوێتە نێوان یاساوڵەکانی پایزو
گەردنی هەنارە لێو سورەکان
فیتنە لەنێوان پریشکە چاو شینەکانی دوای دەسکەنەکردنی گڕو

کچە زیتەڵەکانی ئاودا بقەومێ
دەهێڵم
جۆبارەکان ساتێک لەژێر نسێی عازەب بوندا پشوێک بدەن و
پێکێکی تاڵ لە چاوی سپیدارە شەهیدەکان هەڵبدەن
تازە ئەو قەقنەسانەی پەچەیان دابو بە رویاندا تا برژانگیان نەسوتێ
چاوەکانیان بونە پشکۆ
لێوەکانیان بونە چینگە نانی دوای شەڕ
ئەو گالیسکانەی تەرمی ئێوارەیان هەڵگرتبو پێیان باش نەبوو بڕۆن
ئاوا بوون
" نەگەیمە ئەو جوانەو گەیمە پیری
مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا"

* * * * *

ئەوەندەی ترم پێناچێ
جانتاکانی هەتاو دەنێمە سەر کۆڵی بەفر
چڕنوکەکانی رەشەبا
دەخەمە چاوی بیابان
نامەکانی تەنیایی دەخەمە گیرفانی شیبا
بەشێک لە سوانەکانم بە جەنگاوەرانی باران دەسپێرم





پڕی جامولکەیەک عەشق دەنێرمەوەبۆ دایکم
تۆزێک گریان لە قەسیدەکانی تۆ دەدزم و
دەیکەم بە نەغمەیەکی بریندار
بۆ گۆرانیە دڵتەڕەکانی سەر رێی بە یەک نەگەیشتنی
تیشکە جەرگبڕاوەکانی ئومێد
جەنگەڵەکان پڕ دەکەم لە شین و شەپۆڕی لەیەک جوێبونەوەی
خەونە نسرمەکانی کێڵگەو
بسکە خەناویەکانی بەهار
بەر لەوەی بێمەوە
کەوتنە خوارەوەی هیچ تاوێرێکی پیر
لە بەرزاییەکانی مەرگ ناخەمە گومان
دڵی هیچ باخچەیەک لە ئاو پیس ناکەم و
هیچ تافگەیەک لە سەما پەشیمان ناکەمەوە
دەمەوێ بەر لەوەی بێمەوە
مەرگم لەو چامەیەدا بنێرم
کە ساڵەهایە دەینوسم و
ئێستاش دەستم پێی نەکردوە.





# دەستەکانی فاتیمە

٢٠٠٧

خەڵاتی دوەمی سێیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی لە رانیە وەرگرتوە





دڵم هەمیشە لە سەرەی وەستان دەوەستێ، داخ بۆ حیکایەتە دزێوەکانی نەوەستان، ئاخ بۆ بەسەرهاتە پیرۆزەکانی دەست. دەستەکانی ئەو لە تخوبی پەنجەکان پەڕینەوەو لە ئاواییەکانی نەمریدا گۆرانی سەوز بونیان چڕی، ئەوان لە پایزێکی وەک ئێستادا سپی بون و فڕین و لەسەر چڵەپۆپەی موقەددەس نیشتنەوە، ئەوان ئاوازێکی ناسک بون، کە هەمیشە بەسەر سوانەی خەونەکانمانەوە، سپی دەچون، سپی وەک بەسەرچونی من لە باخە تاڵەکانی تەمەندا.

کتێبە بێ بەرگەکانی منداڵیم، چرچی گیرفانەکانی باوکم، بێ مرادی ئاواتە رەنگاڵەییەکانی دایکم، لە نەمریدا لە دەستەکانی دایکت دەچون، دەستەکان لە دەرەوەی سنوری بینینی مندا، باڵندە بون فڕین، شنەبا بون هەڵیانکرد، مانگ بون دەرکەوتن، خۆر بون هەڵهاتن، پاشان مۆم بون کوژانەوە.

دەستێک هەبو
گەش بو
وەک گەشی مێلاقە لە ژێر ماچەکانی باراندا
سپی بو
وەک سپیەتی یادگاریەکانی وەفایی
لە گێژاوی تەشیەکی شیریندا
شیرین بو ئەو دەستەی هەبو
وەک غەدرە تاڵەکانی مردن

ئەو کاتەی بەسەر نەعشی ئەستێرەدا کاوێژ دەکا

دەستێک کە مەرگ دەستی گرت‌و

کە وشکبون رای موسی‌و

کە تاریکی خستیە باخەڵی خۆیەوەو

دەستێک کە ئێستا لەپرچەکانی گڵ بەولاوە

تاڵێکی تر شانە ناکات

*　　*　　*　　*　　*

دەستێک هەبو نەرم بو

وەک نەرمیەتی چۆلەکە لە شکاندنی رچەی نیشتنەوەدا

پیرۆز بو، لە ماچکردنی دەستە تەڕەکانی دەسنوێژدا

ئێستا لە بسکەکانی نەجات‌و

لە پەرچەمەکانی مەرزیەو

لە کەزیەکانی لەیلا قاسم بەو لاوە

پرچێکی نیە بەسەرشانی نەبەردیدا بدات

لە بەرەبەیانیەکی ساڵی ١٩٨٧ دا

بێدەنگ بو تا منداڵێک دەنگی بێت

نقوم بو تا هەنسکێک بپشکوێ

ئەوە من بوم بە دو دەفتەری ترسنۆک‌و





قەڵەمێکی ساواو

جانتایەکی هەتیوەوە

بەژێر سێبەری لقی ئەو دەستەدا دەرۆیشتم‌و

بەدەم خەندەکانی سورەبیاو

ترسەکانی وەحشەتەوە

کۆڵانم دەکوتا

ئەوە من بوم

بەگیرفانێکی خاڵی لە گوناهو

دەستێکی بەتاڵ لە دەست‌و

لێوێکی دور لە ئاواییەکانی بزەوە

شەقامم دەبڕی

ساتێک بو وەک ئێستا سەرمەست

کە خۆر بێ کرێ وەرگرتن

دیوەخانی پەرەسێلکەیەک‌و

هێلانەی عاشقێکی پڕ دەکرد

لە دەستی روناک

لە بەیانیەکی وەک ئەم بەیانیە دەموچاو تەڕ

لە کاتێکی وەک ئێستا ترش‌و تاڵدا





بەرەو ئاسمانی بێ مرادی شۆڕ بوەوە

دەستێک کە جارێک زانی نەکردوە

پیتەکانی خوا حافیزی بخاتە وشەی ژیانەوە

داگیرساو ......

*　　*　　*　　*　　*

دەستێک هەبو وەک شیعر باڵی دەگرت‌و

وەک چۆلەکە دەیجریواندو

وەک روبار دەپژمی‌و

وەک نێرگز پرچەکانی دەخستە ژێر باڵی‌و

وەک تولە مێو

مزریەتی دەنوسیەوە

دەستێک هەبو

وەک دەستی دایکم پەمەیی

دەهاتە نێو خەونی زەرنەقوتەیەک‌و

فێری دەکرد چۆن پەرەگرافی فڕین بخوێنێتەوە

دەهاتە سەر ماڵی رەنگاڵەیەک‌و

فێری دەکرد

چۆن دەستەکانی بەسەر رەنگدا دابەش بکات





لە نیوەڕۆیەکی ساڵی ١٩٨٧

لەگەڵ دەسنوێژەکەیدا

پاڵکەوتن‌و تا ئێستا رستەیەکی نەخوێندەوە

وشەی هەڵسانەوەی تێدا بێت

لەگەڵ سپیەتیەکەیدا خەوتن‌و

تا ئێستاش وەنەوزێکی نەخستە رستەی

یەکتر بینینەوە

نیشانەیەکی سەرسوڕمانی لەژێر تەرزەیەک دانەنا

لە دێڕی کۆتایی شیعرێک بچێت

دەستێک هەبو

*　　*　　*　　*

دەستێک هەبو

لەگەڵ هەمو فرمێسکەکان دادەنیشت‌و

پڕ بە گەروی کتێبێکی ماڵوێران هاواری بو

لەگەڵ هەمو خەندەکان پاڵ دەکەوت‌و

پڕ بە چاوەکانی دەریا پێدەکەنی

لە رۆژێکی وەک ئێستادا

خستیانە نێو دڵی کتێبێکەوە

خستیانە نێو نەفەسی هەورێکەوە
بە بەرچاوی منەوە
ئەوکات
کە دەستم لەنێو باخەڵی بەفردا
دوکەڵی مەرگیان شیتەڵ دەکرد
هاتن‌و خستیانە نێو چارەنوسی بەردێکەوە

*	*	*	*	*

دەستم هەمیشە بە ئاودا هەڵدەواسم
هەمیشەش وەک ئێوارەیەکی پیر
خۆم لەحیکایەتە سەر شێتەکانم جودا ناکەمەوە
ڕۆژێکم پڕیەتی لە پیاسەی تۆسن‌و
ڕۆژێکم تەژیە
لە هەڵکورمانی گۆرانیەکانی خوا حافیزی
ساڵێکم پڕیەتی لە عەشقی گێژەڵوکەو
مانگێکم پڕیەتی لە حەیرانی ترش‌و
بالۆرەی بێتام
ساتێکم بێدەنگە
وەک دەنگی هەڵومرینی بەرۆیکی بێ کلاّوو





دەتکە ترێیەکی پێخواس
وەک دەنگی هەڵبەزینەوەی تەرزەیەکی عاشق
وەک گمەی دەستێکی سپی
لە کەناری لێک جوێبونەوەدا
هەفتەیەکم پڕیەتی لەئەسەف
ساڵێکم پڕ تر
ڕۆژێکم.. مانگێکم.. چرکەیەکم.. تەمەنێکم
پڕ پڕە
لە گریانێکی ئەزەلی لەدوای
جێ پێیەکانی دەستێکدا
کە لە ڕۆژێکی تاریکی ئەو کاتەوە
دەڕوا

*	*	*	*	*

هێشتا هەر منداڵێکی پرچن بوم
دەستێکم بە نوقڵی فڕێدراو
دەستەکەی ترم پڕبو لە داستانی بەسەرچون
چاوێکم پڕی بو لە ئاوی تەهارەتی فرمێسک‌و
چاوێکم لە دەستەکانی ئەشکەوتێکی بێ بن دەچو





من بوم، بەتەنیشت ناشتنی دەستێکەوە
خەرجی ڕۆژانەم لەژێر باخەڵی چوڵی باوکمدا
ناشت‌و
کتێبەکانم خستە ژێر هەنگڵی ڕەشەباو
جوێنەکانی مامۆستام
خستە ژێر باڵی ئەبەدیەتەوە
چاوم لێبو دەستەکانی دایکت
بونە کۆتر
کۆترێکی تورە لە ئەبەنوسیەکانی مانەوە

*	*	*	*

دەستی دایکت هەمیشە بەدیار نەهاتنەوەی کچانی دەوارەوە
لە ئاهەنگی دەزگیرانێتی کانی‌و
وەراندنی گەڵاکانی چنارەوە
لە موناسەبەتی پایزدا
چادریان بۆ ئایەتەکان هەڵدەدا
بەژێر خەمی هاوێربونی بولبول‌و نەغمەو
هاژەو ڕوبارو
تریقەو دەمو





بزەو لێو
چپەو گوێچکەو
بزەو نازو
مرچەو ماچ‌و
شەقەو تۆقەو
ترپەو هەنگاودا
دەفڕی
بەسەر جۆگەی زەلیلی مندا
پەنجەکانی ڕادەهێشت
دەستی دایکت گۆرانیەکی ئەرخەوانی بو
گوێچکەی مردنی هەڵومراند
بەهەشتی لەژێر پێوە
کردە باخێکی پڕ بەرائەت‌و
پێکەنینی تێدا ڕواند
ئیتر لەگەڵ هیچ درەختێکدا تۆقە ناکەم
دەستەکانی دایکت
بەسن بۆ دەسگیرۆیی داستانەکان
بۆ سەوز بون

بەسن بۆ دەستخەڕۆکردنی گێژەڵوکەی مەرگ

لە کڕنوشی سپی دار

بەسن بۆ دەستاو دەستکردن بە دەستاڕی کوشتن

لە سڕینەوەی باخ و

بەسن بۆ دەستەوایی ئاگر

بۆ نەسوتاندنی عەشق و

چەکەرە نەکردنی گوناهـ

ئەوان بە تەنیا ئەلف و بێی

داستانەکانی بەرائەتیان هەڵچنی

لە پەراوێزی نەمریدا

بونە دەسمایەی شینبونەوە

دەرچون لە مەرگ ئەی دەست

پەڕینەوە لە گوناهـ ئەی دەست

سەرکەوتن بەسەر تاقەکانی فیردەوسدا

ئەی پەمەیی ترین دەست

ئەی دەستەکانی فاتیمە









# لای ئێوە دەمرم

٢٠٠٥

بۆ رەعدو سالارو روبا، کە هەردەم گەرماو چڵە ریحانەکانی بەغداد لەبیرمدا دەڕوێننەوە





دەرفەتمان نەماوە بنوین

شەو وەک حیکایەتە شێتەکانی کچێک

وەک سوتاندنی تەرمی سپی دارەبەنێک

وەک بێتاقەت بونی من

لە دانیشتن لەسەر ڕێگە درزاویەکانی تەمەن

شەو وەک تۆ

وەک درۆ پەمەییەکانی نێو نامەیەکی دڕاو

وەک قیژەی منداڵێکی پیرۆز دێت

وەک چپەچپی داباریبنی کوللەو

وەک چرچ بونەوەی مەلایەک

لەژێر نزای درەختێکی تاریکدا

شەو دادێت و بەم شەوە کەم نیە

دەستگرتن بەسەر کەناراوەکانی تەنیاییدا

شەو دادێت و کەم نیە لەشکرکێشی بۆ سەر ئاواییەکانی بەرائەت

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان تەنهایی من و هاتنەوەی باخ دا کەم نیە

من لێرەم و سبەینێ دێم

دڵنیام لەنێو ئامێزی گێژەڵوکەیەکی خۆمانەدا دەمرم

دەرفەتی ئەوەم نابێت

دەستەکانم پڕکەم لە ئاوو

لاجانگی ڕێگەی نەهاتی پێ تەڕ کەم

شەو دادێت

ئەو دەمەی جوانی ئاونگێکەو

بەدیار لەخەو هەڵسانی گەڵایەکەوە

دەبێتە قلمیچ

ئەو دەمەی شۆخی لێوێکەو

لەحەژمەت یاخی بونی ماچێکدا دەومرێ

باران دێتو لەدورەوە

بەئاوازێکی کۆنەوە بە منداڵێکی هەپرون بوی

ژێر گالیسکەی نێرگزێک دەڵێ

چەترەکەت داگرە هەڤاڵ

ڕێکەوتننامەی نێوان

شمشێرەکانی وەرین و

گەردنی پایز لەم لەعەربەتـامەدا بەتۆچی

شەو دادێت و

لەو شەوە سورەدا کەم نیە

عەشق جانتای پیاوێکی تاریک بێت





لەسەفەرەکانی هەومسدا پڕبێت لەتۆ

مەرگ کتێبی ژنێکی پەمەیی بێت

لەگەشتەکانی گریاندا پڕبێت لەمن

ئیتر

هەڵگیرسانەوەی شەڕ

لەنێوان پەرداخەکانی من و

شەرابی بێئومێدیدا

بەتۆ چی

شەو نایەت

من دوکەڵی شێتی جگەرەیەک و

بۆنی پەرچەمی پێکێکم

شەو دێت و

منیش گرەنتی نادەم

بتوانم لە پایزێکی تردا بومرم

شەو دێت و چرکەیەک نامێنێتەوە

دێت و ساڵێک ناڕوات

من دێم و بەشی هەناسەیەک نامێنمەوە

دێم و بەشی مردنێک ناگەڕێمەوە





هاوڕێیان

هاتنی من لەدڵنیاییمەوە بۆ هەپرن بونم دێت

هاتنی من لە بێتاقەتبونم لەخۆم و

بێزوم بۆ مزری ڕێواسەکانی مەرگ دێت

دێم و دەمرم

تا بارانی مەزدەکیانەی ئێرە پڕ دەبێت لەدەنگ

دێم و دەومرم

تا گەڵا پاڵکەوتوەکانی ئێرە پڕ دەبن لەڕەنگ

ئێوە دەزانن

من پاشماوەی خەوتنی گوڵێک و

گیان سپاردنی کانیەک و

ڕاکردنی جۆگەیەک و

شەق بردنی هەنارێکم

من شەرمی چاوی نێرگزێکم

سبەینێ دێم

بەو هەمو یەئسەوە بەدیار مێلاقەکانی مەرگەوە پێدەکەنم

بەو هەمو مەرگەوە

بەدیار بێشەرمی فرمێسکەکانی هاتنەوەوە پێدەکەنم





هاوڕێیان

پەپولە بەریئەکانی پایتەختی ترس

بەیانی دێم

گەر لەژێر گالیسکەی کائینێکی کۆچەریدا نەمردم

روحم

لەتورێینێکی فیردەوسیانەدا بۆ هێناون

مەهێڵن بگەڕێمەوە

## هەمو دونیا دیمەنێکە

٢٠٠٦

خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی فانی لە رانیە وەرگرتوە





**پارچەی یەکەم**

بلوێرمان لێداو رۆیشتین

بە جانتای پڕ لە ئاوو

دێمکەی پڕ وشەوە

بە قوڕگی پڕ لە ئاڵتونو

تورەکەی پڕ گریانەوە

ئەو دەمەی بیستمان گرێبەستی نێوان

پەرداخەکانی منو شەرابی بێ ئومێدی مۆر کرا

رێکەوتننامەی نێوان بەرائەتو کچ

لە گریانی ژوانی هاورێمدا هەڵوەشایەوە

ئێمە بە دو کتێبی چرچو

دو دەستی پڕ شیعرەوە

بلوێرمان لێداو رۆیشتین

تا تریە بێتاقەتەکانی فڕێدانی توێکڵی گوڵە بەڕۆژە بۆئێوە بن

پەڕ پەڕ کتێبی کاپیتاڵو

نوێژ نوێژ مزگەوتەکانمان لە کوڵنان

تا حەزی دزینی شعوری باخچە بۆ ئێوە بێ

بلوێرمان لێداو رۆیشتین





ئەو دەمەی بیستمان تەرمی درۆیەکی ئەبەنوس

بە بەردەم مێژوی عەشقی گوڵدانێکدا راکێشرا

رۆیشتین و نەمانپرسی

چۆن وێراتان شێتانە داببارنو

شێتانە تر ببنە دوکەڵ

ئەو کاتە رۆیشتین

کە پێکەنینمان لە سوچێکی بەشی ناوخۆییدا لێ بەجێما

بلوێرمان لێدا

ئەو کاتەی دیمەنی باخێکی بەهەشتیمان

لەسەر تاقی تایەفەدا هەڵکەندو

ئەو دەمەی قژی چوڵەکەیەکمان ئاگرداو

تاقەتمان نەما گوێ لە گۆرانیە ئیزعاجەکانی مێرولە بگرینو

نەمانتوانی بەسەر سمێڵی خێڵدا

بچینە ئەوبەری عیشقو

زاتمان نەکرد لە یەکەم کوڵانی ئەوینماندا بمرینو

نەمانوێرا پەنجەکانمان پیشانی شەو بدەین

بلوێرمان لێداو رۆیشتین

پیاڵەکانمان پڕ کردن لە گڵ





رێگاکانمان پڕ کردن لە شەراب

گۆرانیەکانمان پڕ کردن لە بەردو

شاخەکان پڕتر لە ئاواز

رۆیشتین

ئێوارەو چاوەڕوانیمان بیر نەچون بردمانن

دڵتەنگیمان لە ناو دەستماندا نوقاند

گەڵاکانی بەرائەتمان بێ مراز نەکردنو بردمانن

دەرگاکانی لە مەڕ ئێوەمان بێبەش نەکردنو

بەسەر روحی خۆماندا دامان خستنەوە

نەگبەتیمان بەسەر شانماندداو رۆیشتین

کە بیستمان جەژن ژنێکەو

بە دەستی  پیاوێکەوە بو بە کۆتر

تا ماچێک پڕ بو لە فیشەک

سێبەرمان کچێک بو بەدەستی شاعیرێکەوە بو بە مێلاقە

تا شەهوەتی قەرەجێک پڕبو لە چەقۆ

رۆیشتین

تیاترۆخانەکانی شیعرمان قفڵدان

تا کتێبخانەکانی عەشرەت بۆ ئێوە بن

کۆختەکانی ئەوینمان داخستن

تا باڵەخانەکانی رق بۆ ئێوە بن

کولانەکانی قەڵەممان پێوەدان

تا ساڵۆنەکانی خەنجەر بۆ ئێوە بن

بلوێرمان لێداو...

***پارچەی دوەم***

بەدوای گەیشتنی تۆدا بەخۆم نەگەیشتمەوە

***پارچەی سێیەم***

شەو دڵی نایە عەباکەی بفرۆشێت

ئەو تەنیا بەشی تاریک کردنی پیرەمەگرون تاریکی پێیەو

ناتوانێت بیداتە ئەو هەناسانەی دوای نیوە شەو

بەقورگی دو عاشقدا رەت دەبن

ئەو ئیتر چاوەکانی تاقەتی خوێندنەوەی داستانەکانی تەنیاییان نەماوە

منداڵەکانی جلی سەفەریان بۆ ناکڕێت

شەو حەوسەڵەی ئاگر کردنەوەو چاو لێنانو

گۆڕ هەڵکەندنو باران ناشتنو

شیعر نوسینو پەنجە تەقاندنی نەماوە

شەو زەوقی گۆرانی کوشتنو مو هەڵکەندنو





پەنجە تاشینو قژ کورتکردنەوەی نەماوە

ئەو خولیای نێرگز کوشتنو نەوا فرۆشتنو

مۆبایل داخستنو رق هەڵخستنی نەماوە

شەو تەنانەت تاقەتی هاتنی نەماوە

ئەو کاتەی ئێمە تاریکی دابەش دەکەین

***پارچەی چوارەم***

وەرە لەدامێنی پەنجەکانی یەکتردا بۆ یەک بمرین

کە دەزانین ژیان دەمێکە جێی هێشتوین

***پارچەی پێنجەم***

مەرگ هەمیشە لەوسەری کۆڵان سەمون دەفرۆشێت

ئەو تف دەکاتە چارەنوسی زێرابەوە

مەرگ قوماشی سپی دەفرۆشێتو

نەعلەت دەفرۆشێت

مەرگ تاقەتی سێو رنینو زەمەن کڕینی هەیە

حەزی لەلێدانی نەغمەیەکی تاڵە بە بلوێری ماڵئاوایی

مەرگ جانتای منداڵان دەدزێ

بێزو بە برژانی جەرگی دایکێکی بەریئو

نزولەی خوشکێکی پاکیزەوە دەکات





مەرگ هەمیشە بەدیار رێگاکانی ماڵئاواییەوە دادەنیشێت

بەدیار ئاواییەکانی لێکترازانەوە

پەنجە لە لوتی وەردەدات

بەدیار سوتانی جریوەیەکو هەتیوبونی روبارێکو

جەنازەی هەنارێکو گۆڕی شیعرێکەوە

پەنجە لە گوێچکەی وەردەدات

مەرگ بە مەرگی منو تۆ سوێند دەخوات

دەچێتە ئاهەنگی مارەبڕینەوەو شیرینی دەوێ

دەچێتە مزگەوتەوەو نوێژ دەکات

دەستی ئەنفالچیەک رادەموسێتو

لە مێرگی کتێبە پیرۆزەکاندا دەبێتە بەرخێکی ساواو

لە باخچەی ساوایاندا

دەبێتە داری مامۆستایەکی مرچو مۆنو

لە بەشی ناوخۆییشدا

دەبێتە یادگاری بۆنی چێشتێکی کۆنی دایکو

لە مەیخانەدا دەبێتە پەرداخێکی شێت

مەرگ لەگەڵ منداڵاندا راوی چۆلەکە دەنێو

پێت پێت ناوی سیانی هەمو کۆڵانەکان دەزانێ





***پارچەی شەشەم***

رانیە هەمو رۆژێ قەڵەمێکم بۆ دەکڕێتو

شیعرێکم لێ دەدڕێنێ

***پارچەی حەوتەم***

مێزێکی دڵتەڕو تەپڵەکێکی مێبازو

جگەرەیەکی چوختیو پەرداخێک ئاوی سەرسەری

پەنجەرەیەکی کوێرو

دەرگایەکی شەلو

پەردەیەکی قاچ روت

گڵۆپێکی نوکتەبازو فەرشێکی بێ مێشکو

پانکەیەکی کەمئەندام

لە کەشو هەوایەکی شەهوەتبازیدا

گاڵتە بەگریانی شعرێک دەکەن

***پارچەی هەشتەم***

بۆ ئەوەی ئاوێنەیەکت هەبێ

کۆکردنەوەی پارچەکانی من بەسە

***پارچەی کۆتایی***

دنیا هەموی دیمەنێکە

# نەورۆز

٢٠٠٨





(١)

دەرگا دەکوتن

دەستیان شل بوە لە کوتانی سینگی زبرو

مەچەکیان کفت بوە لە ئامێزی ئەژنۆی دژوێن

سێ چوار دەستی شەرمنن

کۆمەڵێک پەنجەی دڵشکاون

هێندەی پەلەی گوڵە هەورێکی زۆڵ

هێندەی تاڵوکەی کەوتنە خوارەوەی قەیسیەک

بە پەلە دەرگا دەکوتن

ئەوان گەڵای هەڵوەریوی نێرگزێکی قامیشلون

(٢)

دەستێکیان پڕیەتی لە سەمونی گەرمو

ئەوەی تریان لە وێنەی ئاپۆ

باخەڵیان پڕیەتی لە چکلێتی تاڵو جگەرەی شیرین

ماڵ بە ماڵ هاوار دەبەشنەوەو

تایە تایە لەژێر پانزێرەکاندا رادەکشێن

ئەوان گڕی داگیرساوی نەورۆزێکی دیاربەکرن





(٣)

دەرگا توند توند دەکوتن‌و

پەنجەرەکان دەخەنە سەر گازەرای نیشتمان

کۆڵان پڕ دەکەن لە عەتری بریندارو

بازاڕەکان لە تابوتی ترس

خوێنیان هەمیشە بۆ یاخی پۆستاڵە تەپلە بەسەرەکانەو

پرچیان لە بەردەم ئاوێنە چاوبرسیەکانی کانیدا شانە دەکەن

ئەوان کۆمەڵێک کچی عەفرینن، بەجلی کوردیەوە شو بە نەورۆز دەکەن

(٤)

بەرگی شەویان کردۆتە بەر ریشیان‌و

باوەشی جامەدانە

لە کەللەی سەریان دەدەن

دو نامەی کۆن لە گیرفانیاندایەو نەگەیشتون

یەکیان بۆ کچە بازن لە دەستەکەی دراوسێیان‌و

ئەوەی تر بۆ گەریلایەکی نیشتمان لە کۆڵ

ئەوان کۆمەڵێک شەهیدی شارە گوڵ بە دەمەکەی باتمانن





(٥)

دەرگا دەکوتن دیوارەکان لەکۆڵ دەنێن

لەبەردەم رقی جەندرمەیەکی نینۆک سور

ئاڵایەک لە رەنگی پایز هەڵدەکەن

بەسەر پەیکەرەئێسکی پەیژەی مێژودا سەر دەکەون‌و

لە دامێنی بەهاردا چادر هەڵدەدەن

ئەوان شیر بە بێچوە ئاسکی بەجێماوو

ئاو بە گەروی وشکی نیشتمان دەدەن

(٦)

دەرگا دەکوتن

دەستیان شل بوە لە کوتانی بەرۆک‌و

چاویان سڕ بوە لە سەفەری ئەنفال

## سوپاس و پێزانین

جێی خۆیەتی سوپاسی ئەرك كێشانی سەنتەری رۆشنبیری ئاسۆس و بەتایبەت كاك حەمید قەڵادزەیی لێپرسراوی سەنتەر بكەم، كەئەركی لە چاپدانی ئەو كۆمەڵە شیعرەی گرتە ئەستۆ، لە كاتێكدا زانیاری ئەوەم هەیە كە توانای داراییان كەمو سنوردارە، زۆر سوپاسی هەستی جوانیان دەكەم.

سدیق عەلی